# (*) توانجه شيعر

حەمەی ئەحمەد ڕەسووڵ

// 1999هۆڵەند

هەندەرانی بێ دێمۆكراسی
كوردستانی بێ كێماسی
ڕووباری بێ ماسی
كەساسییە. . كەساسی
****
شەقامی بێ ڕێبوار
دەریای بێ كەنار
چیای بێ نسار
بێوارە. . بێوار
****
وڵاتی بێ باران
زستانی بێ ئاگردان
دادوەری بێ ویژدان
حكوومەتی بێ لاوان
عەولەمەی بێ ئامان
تاوانە. . تاوان
****
كچی بێ سەربەستی
حیزبی بێ كوردایەتی
دایكی بێ خۆشەویستی
پەستییە. . پەستی
****
گوڵی بێ ڕەنگ
پیری بێ مەرگ
میللەتی بێ دەنگ
نەنگە. . نەنگ
****
چۆلەكەی بێ جریوە
ڕەزی بێ میوە
نەتدیووە و. . نەمدیووە
****
كوێسانی بێ شەماڵ
كۆلانانی بێ ماڵ

www.kurdistannet.org
2-6-2003 21:59

گووتاری کرچ و کاڵ
بەتاڵە. . بەتاڵ
****
گەنجی بێ هیوا
مەلایەکی بێ پروا
ئایینی بێ خوا
قسەی وا کوا
****
باخچەی بێ گوڵ
ئاشقی بێ دڵ
جگەرەی بێ دوکەڵ
دیکتاتۆری گەندەڵ
برنجی بڵە. . بڵ
****
زاوایەکی بێ بووک
کوردستانی بێ کەرکووک
وڵاتێکی زۆر بچووک
نا، نا، سەدامی سووک و چرووک
****
منی بێ تۆ
قەدەغەی بێ هۆ
براکوژی نارەنجەرۆ
درۆیە. . درۆ
****
کڵێسای بێ خاچ
ئەوینی بێ ماچ
جووتیاری بێ پاچ
نانەوای بێ ساج
بلیمەتە. . یان کرمانج
****
(*)
پلار و توانجە لە شێواز و باردۆخی ژینی خۆمان و بەراووردی لەگەڵ جیهاندا
بەشێوەی مەنەلۆج و کارکاتێریی و گاڵتەجاڕیدا. . . ئەم شێوە شیعرییە
لە ئەدەبی ئیسپانیدا و بەتایبەتی " لای قەرەجەکانی باشوور" زۆر باوەو
بە ئەدەبی میللی و فۆلکلۆر ناوزەدکراوە. . ح. ا. ڕ

کوردستان نێت www.kurdistannet.org